تەندروستی کەرکوك تۆمارکردنی دوو حاڵەتی نوێی تای خوێنبەربون ڕادەگەیەنێت

تەندروستی کەرکوك ئەمڕۆ هەینی تۆمارکردنی دو حاڵەتی نوێی تای خوێنبەربونی ڕاگەیاند، دوای ئەوەی یەکەم حاڵەتی مردنی لە پارێزگاکە لەمساڵدا پشتڕاستکرایەوە.

سەرچاوەیەك لە تەندروستی کەرکوك رایگەیاند، دو توشبوی نوێ لە نەخۆشخانەکەیان تۆمارکراون کە یەکێکیان دانیشتوی گوندێکە و ئەوی دیکەشیان فەرمانبەرێکیکی حکومەتە، هەردوکیان دوای پشتڕاستکردنەوەی توشبونەکانیان گواستراونەوە بۆ سەنتەری تایبەتمەند بۆ چارەسەرکردن.

ئاماژەی بەوەشکرد، تا ئێستا هەردو توشبوەکە لە نەخۆشخانەن، لەوە چاودێری باری تەندروستیان دەکرێت و ڕۆگری لە کەسوکاریان دەکرێت بەرکەوتنیان لەگەڵ توشبوەکاندا هەبێت.

ئەو سەرچاوەیە ئاماژەی بەوەشکرد، تیمە تەندروستییەکان دەستیانکردوە بە گرتنەبەری ڕێوشوێنی پێویست بۆ بەدواداچونی ئەو کەسانەی بەرکەوتنیان لەگەڵ نەخۆشەکاندا هەیە و هەڵمەتی هۆشیاری خێپارێزی لەو ناوچەیەی کە توشبونەکەی تێدا دەستنیشانکراوە

جبه جده که ن .